باس و خواسی ئەیلان کوردی دەگاتە ئەمریکا

"زانکۆی نۆچ سپۆنسەری کردووە"...

فیلمی (ئەیلان)ی دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکر کە بەسپۆنسەری زانکۆی نۆرج بەرهەمهێناوە، لەفێستیڤاڵێکی سینەمایی نێونەتەوەیی لەوڵاتی ئەمریکا، بەشداری دەکات و کۆبرکیی بردنەوەی خەڵات دەکات.
دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکر لەبارەی بەشداری فیلمەکەی لەو فێستیڤاڵەدا وتی " فیلمی (ئەیلان) لە فێستیڤاڵی نێڤا بۆ فیلمی خوێندکاران کە لەوڵاتی ئەمریکا بەڕێوە دەچێت بەشداری دەکات و کۆپیەکی بردنەوەی خەڵات دەکات".
لەبارەی چیرۆکی فیلمەکەوە دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکر وتی "چیرۆکی فیلمەکە باس لە ئەیلان کوردی دەکات کە لەسوریا شەڕ دەستپێدەکات لەگەڵ خێزانەکەی رێگەی تاراوگە دەگرنە بەر و بەرەو تورکیا بەڕێدەکەون، بەڵام لەوێ بەر لەوەی بگەن بەکەناری ئارامی شەپۆلەکانی دەریا دەیکاتە قوربانی".
فیلمی سینەمایی (ئەیلان) لەلایەن جوبرائیل ئەبوبەکر کاری دەرهێنانی بۆ کراوە و ئومێد رێژ کاری مۆسیقای فیلمەکەی جێبەجێکردووە و هەروەها ئالان رێژبەیانی کاری گرافیك و دیزاینی فیلمەکەی جێبەجێ کردوە.
دواهەمین فیلمی سینەمایی دەرهێنەر جوبرائیل ئەبوبەکر فیلمێك بوو بەناوی (بێدەنگی ئاسمان) کە لەکەمتر لە ساڵێکدا لە 54 فێستیڤاڵی سینەمایی جیهانیدا بەشداری کردو چەندین خەڵاتی بەدەستهێنا.
جوبرائیل ئەبوبەکر رەحمان لەدایکبوی ساڵی 1983ی شاری هەولێرە، لەساڵی 2001ەوە دەستیداوەتە کاری سینەمایی و لەنزیکەی 40 کورتە فیلمدا یاریدەدەری وێنەگر بوە و لە 13 فیلمی سینەمایی درێژیشدا یاریدەدەری وێنەگر بوە و لەساڵی 2010ەوە کاری دەرهێنانی سینەمایی دەکات.


NOVA
Northern Virginia
Community College
Alexandria Campus
2018
NOVA STUDENT
FILM FESTIVAL